مرۆڤ و ژیان
بەرگی بیست و یەك

ڕاگەیاندن

دانانی / کاروان سلێمان کاکەمەد صادق



39035

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

دەربارەی نووسین و کاری ڕۆژنامە نووسی

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕۆژنامە نووسی پەرەدەسێنێ ، وە وەک پێویستی یەک جێی خۆی دەگرێ و هیچ کۆمەڵێک ناتوانێ دەست بەرداری ببێ یا لە ژیانی ڕۆشنبیری و بزووتنەوەی ڕۆانەیدا شتێکی تر بدۆزێتەوە کە بڕێ بکەوێ• ڕۆژنامە نووسیش لەو زنجیرە گۆڕانکاریانەدا کە بەسەری هاتوە تەنیا وەک هونەرێکی ڕاگەیاندن ناکەوێتە ڕوو ، بەڵکو وەک پیشەسازی یەکیش کە لەم ماوەیەی دوایی یەدا توانی گەلێ پیشەسازی تری وەکو : پیت سازی ، کاغەز ، مەرەکەب ••• هتد ، بەدوای خۆیدا کێشی بکات• هەروەها بە ملیۆنان پسپۆرو کرێکارو لێکۆڵەرەوەو خاوەن ڕاو بیر چوونە کۆڕییەوە ، دەوڵەتان بیر لە دامەزرادنی پەیمانگاو کۆلیج و پەیمانگای ڕاهێنان دەکەنەوەو لە پێناوی دا دەستەو کۆمەڵەو کۆڕ دەگێڕرێ•

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

هەواڵی ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆن

هەواڵ بەشێوەیەکی گشتی ، لە ڕاستی دا لەوە زیاتر نیە یە کە کورت کردنەوە یا خەست کردنەوەی ڕووداوێکە ، هەواڵیش بە زۆری ، وەڵامی پێنج پرسیار دەداتەوە کە بە کۆڵەکەی بنەڕەتی دەژمێررێن :

١- کێ : بە مانای کێ ئەمەی کرد ؟

٢- چی : بە مانا بەتەواوی چی ڕووی دا ؟

٣- کەی : بە مانای لە چ کاتێکدا ئەمە ڕوویدا؟

٤- لە کوێ : بە مانای لە چ جێگایەکدا ئەمە ڕوویدا ؟

٥- بۆچی : بە مانا بۆچی ئەمە ڕوویدا ؟

هەر کاتێکیش ئەو هەواڵە وەڵامی ئەم پێنج پرسیارەی تێدا بوو ، ئەوا هەواڵەکە سەرکەوتووە ، بە نموونە : -



Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن ئێوارەی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی پێنجی مانگی شوبات ، پیشانگای هونەرمەندە لاوەکانی کردەوە کە لە سەیرانگای " زەورا "دا لە بەغدا بە بۆنەی یادی تێ پەڕینی بیست ساڵ بەسەر شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ وە ڕێکخرابوو•

شێوەکانی هەواڵ :

١- هەواڵی خێرا (فلاش) : ئەو هەواڵەیە کە ڕۆژنامەنووس کاتێ پەنا دەباتە بەر نووسینێک کە بیەوێ لە لایەنە ڕاگەیاندنەکەوە پێش هاوەڵەکانی کەوێ ، بۆ وەرگرتنی ڕووداوێک وە یان زۆر لایەنی هەواڵەکە کە هێشتا لێی دڵنیا نەبووە• نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە کودەتایەکی سوپایی لە نیوە شەودا لە جێ یەک ڕووی داوە ، تا ئێستاش شوناسنامەی کودەتاکەو شتێک دەربارەی ڕوون نەبۆتەوە•

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library